خۆیان لەنێو ئاگربارانەکە دوور بخەنەوە...

کوژرانی فواد مستەفا سوڵتانی، لە میدیای ڕژێم و دەرەوەدا دەنگی دایەوە و، کاربەدەستانی ڕژێم بەسەرکەوتنێکی گەورەیان دایەقەڵەم.

پاش ئەو ڕووداوە، مستەفا چەمران لەخۆیایی دەبێ و دەستەیەک لە پاسدارانی ئیسلامی هەڵدەگرێ و بە چەند سەت مەتر دەکەوێتە پێشی لەشکرەکەیەوە. لە گوندی بستام، دەکەوێتە نێو حەشارگەی پێشمەرگە و ژمارەیەک لە پاسدارەکانی لە گەڵی دەبن، دەکوژرێن. مستەفا چەمران، خۆی بەرگوللەناکەوێ و، لەگەڵ ئەو چەند پاسدارەی لەگەڵی زیندوو دەمێنن، هەڵدێن و خۆیان دەکەن بەنێو پاسگەی بستام دا. پاسگەی بستام شوورەیەکی قایم بوو، لە سەردەمی ڕژێمی شا دا، تایبەت بۆ بەکرێگیراوانی «ژاندارمری»، لە بەرد و چیمەنتۆ دروستکرابوو. ماوەی سێ سەعات، چەمران لە گەمارۆی پێشمەرگەدا دەمێنێتەوە و، پێشمەرگەکان گوێیان لە دەنگی دەبێ کە بە بێتەل داوا دەکا: **«فریامان بکەون، دژە شۆرش دەورەی گرتووین و فیشەکمان لە تەواوبووندایە!»**. پێشمەرگەکان، بڕیاردەدەن، هەڵبکوتنە سەریان و لەنێویان بەرن، بەلام هاوکات، گەیشتنی هەلیکۆپتەر و هێزەکانی ڕژێم، پێشمەرگە ناچار دەکات، واز لە پێشڕەوی بۆنێو پاسگەکە بێنێ و بۆ دواوە بکشێتەوە. بەوجۆرە، مستەفا چەمران، لە گیران، یان کوژرانی بەدەستی پێشمەرگە ڕزگاری بوو...

ئەوی ڕۆژێ، لەشکر، بە پشتیوانی تانک و هەلیکۆپتەرەوە، تا «دووئاوان» و گوندی «سووتە» و سێ ڕێیانی -سەقز بانە – مەریوان، بێڕووداوی هیچ کێشەیەک هاتەپێشەوە. لە دووئاوان و سووتەدا، جارێکی دی پێشمەرگە پێشی بە لەشکری داگیرکەر گرتەوە و، چەندین پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون و ژمارەیەکیش لە سەرباز و پاسدارانی ڕژێمیش کوژران. شەڕ و لێکدان تا داهاتنی تاریکی هەر بەردەوام بوو. لەشکر بارگە و بنەی هەڵدا و تا شەبەق، گوللەی ڕۆناکی هەڵدا و لەترسی شەویخوونی پێشمەرگە، بەچواردەوری خۆیدا تەقەی دەکرد.

هەرئەو شەوە، پتر لە دووسەت پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی «ڕەشیدخانی کیوەرۆ»، چەند کیلۆمەتر لە سەرووی لەشکری ڕژێمەوە و، لە نێزیک گوندی «بەیاندەرە» لەسەر جادەکە کۆببوونەوە. ڕەشیدخان لەگەڵ چەندین هاوڕێی لەبیروڕای ئەوەدابوون کە سبەینێ چۆن و بە چ شێوەیەک، پێش بە پێشڕەویکردنی لەشکرەکەی ئێران بگرن. هاوکات، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە شاری بانەوە هاتبوون، بە ئۆتۆمۆبیلێکی خۆلکێش، گەیشتنە ئەو شوێنە و خۆیان ناساند پێیان و پاش هێندێ باس و لێدوان لەمەڕ جۆری دابەشبوونیان لەگەڵ هێزەکەی ڕەشیدخان، بڕیاریاندا لەوێ نەمێنن و، بگەڕێنە دواوە بۆ دەوروبەری گوندی «سوورێن». بەپێی بڕیاری سەرکردەیەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، دوو پێشمەرگەی کۆمەڵەش، لەنێو دەستەپێشمەرگەکەی یەکێتیدا بوون.

## لە «سوورێن» چی ڕوویدا؟!

گوندی سوورێن، لەڕووی ئیدارییەوە، سەر بە شاری بانەیە و، لەسەر جادەی بانە مەریوان هەڵکەوتووە. سروشتێکی ڕازاوە و دیمەنێکی جوان و دڵڕفێنی هەیە. هەرچواردەوری، لووتکەی بەرز و سەرکێش و، بەرزاییەکانی، زەنوێر و مێرگەلان و داوێنی کەژ و کۆساری، مێرگ و زۆنگ و زەمەند و باخ و بێستان و ڕەز و کانیاوە. ژیانی دانیشتووانی سوورێن و دەڤەرەکە، بە ئاژەڵداری و باخداری و کاروانچێتی بەڕێوەدەچێ.

پێشمەرگەکان، لە دوانزەی شەودا گەیشتنە بەر ئاواییی سوورێن. لەپێشدا چوونە نێو گوند و لە چەند ماڵێک نان و پەنیر و ڕۆن و کولێرەیان وەرگرت و چوونە سەر جۆگەلەکەی تەنیشتی جادەکەوە. مانگە شەو کەوتبووە بەری ڕۆژاوا و ڕوناکاییەکەی ڕوو لە کزبوون بوو. پێشمەرگەیەک تەنەکەڕۆنێکی ژەنگهەڵگرتووی کۆنی لەنێو جۆگەکەدا دۆزییەوە کە تا نیوەی لە قوڕدا چەقیبوو. تەنەکەکەی دەرهێنا و، قوڕ و لیتاوەکەی نێوی بەتاڵ کرد و، وەک دەستی گلاو، حەوت جاری بە لم و زیخەڵانی لێواری جۆگەلەکە پاک و خاوێن شۆرد و، پڕی کرد لە ئاو و بینی ناپێوەی و تێر ئاوی خواردەوە. پێشمەرگەیەکی دیش، تەنەکە ڕۆنێکی دیکەی لەولاترەوە دیتەوە و، بە لاساییکردنەوەی لە هاوڕێکەی، نێوەکەی خاوێن کرد و پڕی کرد لە ئاو و گرتی بەدەستییەوە. هێندێ لە پێشمەرگەکان بە قێز و بێزەوە تەماشایان دەکردن. پێشمەرگەیەک، بە گاڵتەوە گوتی پێیان: «لەنێو چۆمەکە بگەڕێن یەکی پەتێک بدۆزنەوە و دوو کون بکەنە سەری تەنەکەکان و لە ملتانی هەڵواسن، سبەی شەڕ دەستپێیکرد، بەسەر سەنگەرەکاندا ئاو بگێڕن!». ئەمیش لەوەرامیدا گوتی: وەڵلاهی سبەینێ کوێراییت دایێ بۆ دڵۆپێک، ناتدەمێ!

«جەمال» فەرماندەی پێشمەرگەکان، گوتی، کوڕێنە! خێراکەن، تا مانگەشەو بزر نەبووە، با بەم گەردەی بەردەماندا هەڵگەڕێین و تاوێک وچان بدەین، سبەی